# ئەمەریکییەکان چوار هەزار و ٣١٤ سەربازیان لەعێراق بە کوشت داوە

## وەزیری ژینگەی عێراقی: شەڕی ئەمەریکییەکان هۆکاری ١٤٠ هەزار حاڵەتی شیرپەنجە بوە

**ڕاپۆرت: سامان کەریم**

**لە کۆی ١٣٣ هەزار سەربازی ئەمەریکی لە عێراقدا، چوار هەزار و ٣١٤ کەسیان کوژراوە. وەزیری ژینگەی حکومەتی عێراقیش رایدەگەیەنێت بەهۆی شەڕی عێراق و ئەمەریکاوە، ١٤٠ هەزار هاووڵاتی عێراقی تووشی نەخۆشی شیرپەنجە بوون.**

بەپێی بەندێکی ڕێککەوتنەکەی نێوان بەغداد و واشنتۆن، سبەینێ ٣٠ی حوزەیران سوپای ئەمەریکی لەهەموو شارەکانی عێراقدا ئەکشێتەوە و لە دەرەوەی شارەکان جێگیر ئەبن.

بەپێی دوایین ئامارەکانی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا (پنتاگۆن) لەماوەی شەش ساڵ و دوو مانگی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکادا لە عێراق چوار هەزار و ٣١٤ سەرباز کوژراون و ٣١ هەزار و ٣٤٢ برینداریان هەیە. ئامارەکەی پنتاگۆن ئاماژەی بە ژمارەی کوژراوە مەدەنییەکانیش داوە و دەڵێت: لەو ماوەیەدا ١٠٠ هەزار و ٨١٦ هاووڵاتی مەدەنی عێراقی بەهۆی شەڕ و ناکۆکییەکانەوە کوژراون.

سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمساڵ بەراورد بە ساڵانی پێشوو، ژمارەی کوژراوانی مەدەنی کەمبوەتەوە، بەجۆرێک تەنها لە مانگی پێشوودا ٢٢٥ کەس کوژراون. ئەو ژمارەیە زۆر کەمترە لە ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی بەهۆی شەڕی تائیفی نێوان سونە و شیعەوە کوژراون کە لە یەک مانگدا گەیشتوەتە نزیکەی ٣٠٠٠ کەس.

**ڕۆژنامەنووسانیش باجیان داوە**

ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی داکۆکیکار لە مافی ڕۆژنامەنووسان ئیدانەی بەردەوامیی کوژران و قوربانیدانی ڕۆژنامەنووسان لە عێراقدا دەکەن. بەپێی دوایین ئامارەکانی سەکۆی ئازادیی ڕۆژنامەوانیی عێراقی، لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە گەیشتوەتە ٢٨٥ ڕاگەیاندنکار. لەو ژمارەیەش ١٨٤ کەسیان بەدەستی میلیشیا و گروپە توندڕەوە چەکدارەکان کوژراون و ٣٥ ڕۆژنامەنووسیش بە هۆکاری تەقینەوە جیاوازەکان و ٢٢ ڕۆژنامەنووسیش بە گوللەی هێزەکانی ئەمەریکا کوژراون و ئەوانی تریش بونەتە گوللەی هێزەکانی عێراقییەوە.

**ئەمەریکییەکان هەمیشە سەرخۆشن**

توێژینەوەیەکی ئامارکاری دەریخستوە کە سەربازە ئەمەریکییەکانی بەشداربووی شەڕی عێراق و ئەفغانستانیش تا دێت، ساڵ بە ساڵ زیاتر لەسەر خواردنەوەی ماددەی بێهۆشکەر ئیدمان دەبن. شارەزایانیش ئەو دیاردەیە ئەگەڕێننەوە بۆ سەرقاڵبوونیان بە ئەرکە درێژخایەنەکانی شەڕەکان.

ڕۆژنامەی (الرأی العام)ی کوەیتی ئاماژەی بەوە کردوە کە ئامارێکی ساڵی ٢٠٠٩ دەریخستوە لە هەر هەزار سەربازی ئەمەریکیدا (١١) کەسیان ئالودەی ماددەی بێهۆشکەرن.

ئەو ئامارە کە زانکۆی (مینیسوتا) ئامادەی کردوە ئاماژە بەوە دەکات ٤٣%ی ئەو سەربازانەی لە خزمەتی سەربازیدان خوادنەوە بێهۆشکەرەکان ئەخۆنەوە هەتا ڕادەی سەرخۆش بوون..

**ئەمەریکییەکان شیرپەنجەیان لە عێراقدا زیاتر کردوە**

بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق و بەکارهێنانی یۆرانیۆم و ماددە ژەهراوییەکانی شەڕکردنیان، هۆکارێکی سەرەکی بوە لە زیادبوونی ژمارەی تووشبوانی نەخۆشی سەرەتان لە عێراقدا.

نەرمین عوسمان وەزیری ژینگەی عێراقی ئاشکرای کردوە کە دەرکەوتوە ١٤٠ هەزار حاڵەتی شیرپەنجە هۆکارەکەی بۆ بەکارهێنانی ٢٠٠٠ تەنی یۆرانیۆم بووە لە کاتی شەڕی داگیرکاری عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە لە ٢٠٠٣دا.

وەزیری ژینگە ئاماژەی بەوەش کردوە کە هۆکارێکی تر بریتییە لە پیسبوونی ٣٥٠ ناوچەی عێراق لەکاتی بۆردومانکردنی ئەمەریکاوە بۆ ئەو ناوچانە بەو چەکانەی یۆرانیۆمی تیایە، ئاماژەی بەوەش کردوە لە هەر ساڵێکدا ٨٠٠٠ حاڵەتی تازەی شیرپەنجە ڕوو دەدات.

هێزەکانی ئەمەریکاش دانیان بەوەدا ناوە کە لەکاتی شەڕەکانی ٢٠٠٣دا (١٠) هەزار و ٧٨٢ بۆمبیان بەکارهێناوە و بەریتانییەکانیش لەهەمان شەڕدا ٢٠٠٠ بۆمبی گەورەیان بەکارهێناوە. نەتەوەیەکگرتوەکانیش دەڵێت: تەنها لە بەغداد ٨٠٠٠ ناوچەی پیسبوو بە بۆمب هەیە.

شایانی باسە، لە عێراقدا ١٣٣ هەزار سەربازی ئەمەریکی بوونی هەیە. بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی نێوان واشنتۆن و بەغداش لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ هەموو سەربازانی ئەمەریکی لە عێراقدا ئەکشێنەوە.

**بۆ ئەم ڕاپۆرتە سوود وەرگیراوە لە:**

**ئاژانسەکانی ڕاگەیاندنی فرانس پرێس، ڕۆیتەرز، صوت العراق، أصوات العراق، ڕۆژنامەی (الرأی العام)ی کوەیتی، ئاژانسی هەواڵی ئیماراتی و چەند سەچاوەیەکی تر.**



لە عێراقدا ١٣٣ هەزار سەربازی ئەمەریکی بوونی هەیە

## دین و دنیا



**بێستون ژاڵەیی دەینووسێت**

# تەکنۆلۆژیا و ئاین

**بەشی یەکەم**

ئەڵبەتە ئینسانەکان گیان بەبەر ئامێرە تەکنۆلۆژیەکاندا دەکەن و تەکنۆلۆژیا بەهای یەکسانی بۆ هەمووان هەیە و گۆزەیەکی خاڵیە ئاو و هەنگوین و ژەهریش دەگرێت ، ئیتر ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە کە بەدرێژایی مێژوو هەندێک واسەیری تەکنۆلۆژیایان کردووە کە سەرچاوەی هەموو شەڕێکەو هەندێکی تریش بە سەرچاوەی خەیر و پێشکەوتنی ڕووتی ئەزانن ! کە هیچ کامیان بە ڕەهایی وانیە ، چوون بۆ زانینی جێکەوتەی تەکنۆلۆژیا جارێ دەبێ دیاریبکەین لەم کۆمەڵگایەدا قەیرانی ئەخلاق هەیە یا ئەخلاقی قەیران بەرقەرارە ؟ بەسادەکردنەوە ئایا ئێستا ئەگەر هەموو ئامێرە تەکنۆلۆژیەکان بپێچینەوە ئیتر هیچ کێشەیەکی ئەخلاقی لەم کۆمەڵگایەدا نامێنێت ! ئایا هەموو کێشە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگا لەچەشنی پەیوەندی خراپی باوک و دایک و مناڵەکان ، ڕێزی گەورە و بچوک ، حورمەت نەگرتنی کات ، نەزانینی بەهای ئیش ، کزی بەهاکان و ئیلتیزام ، لەشفرۆشی و ئیباحیەت هەموو ئەمانە بەرهەمی تەکنۆلۆژیان ؟ یا مەسەلەکە ئاڵۆزترە ! بەدڵنیاییەوە مەسەلەکە زۆر ڕەهەندی تری هەیە و هەر تەکنۆلۆژیای سەردەم هۆکاری ساردبوونەوەی مەعنەویات و کزی ڕۆح و کاڵ بوونەوەی بەهابالاکان وبێزاری و کەمبونەوەی پەرۆشی و بەدەمەوەبوون نیە و بۆ ئەوە پێداچوونەوەی فێرکردن لە خێزانەوە پێویستە تا سیستەم و فەلسەفەی پەروەردەیی و خستنە شوێنی خۆی ماڵ و مەکتەب و مزگەوت و دامەزراوە کاریگەرەکانی تری کۆمەڵگا و داڕشتنەوەی گوتاری ئاینی و دانانی ستراتیژی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابوری و دایەلۆگی بەردەوام لەسەر ڕۆڵ و گرنگی و شێوازی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا .

بەگەڕانەوە بۆ تەکنۆلۆژیا دەکۆشین ئەمجارە و جاری تریش درێژتر قسەی لێبکەین ، بۆ ئەوەش دەبێ بپرسین ئایا ئاسایش و سەلامەتی کۆمەڵگا گرنگە ؟ ئەی ئایا تەکنۆلۆژیا بە خراپ بەکارهێنانی کێشە لەمبارەیەوە دروست دەکات ؟یان ئایا ڕوشاندنی ئەخلاقی و کاریگەریە گشتیەکانی ئازادی شەخسیە ؟ ئایا حەیا پێویستە ؟ئایا ئیباحیەتی سێکسی گۆمێکی لێخنە لە تلوسکان و هیلاکی و دەردی جەستەیی و ڕۆحی یا وەک هەندێک یەژن تەنیا بەشێکە لەئازادی ئینسانەکان؟ ئایا ئێستا بەها ئەخلاقیەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەبەردەم هەڕەشەدان ؟ئایا فەسادی ئەخلاقی و کاڵ بوونەوەی جوانیە کۆمەڵایەتیەکان کەشتیەکە کون دەکات تا ئاوی خنکانی هەموومانی پیا بێتە ژوورێ یا ئەمە گەورەکردنەوەو سادەکردنەوەیە وەک هەندێ یەژن ؟ ئایا فەلسەفەی ئەخلاق بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە لەم کۆمەڵگایەدا ریشاڵی قووڵی هەیە و لەو شوێ،ی گرنگی خۆی دانراوە ! پرسیاری کۆتایی بەسادەیی ئایا بە ئاین و مەعنەویات نەبێ ڕێگایەکی تر بۆ پاراستنی گەنج و مناڵ و تازەپێگەیشتوان لەو هەموو ئاڵۆشبازی و موخاتەبەی غەریزەیە هەیە کە لەڕێی ئامێرە تەکنۆلۆژیەکانەوە دەکرێت ؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەو شێمانانەن کە لێرە بەدوا بە ڕۆیشتن لەسەر بابەتەکە لەسەریان دەوەستم ، جارێ بە بڕوای من لە کۆمەڵگایەکی موسوڵماندا هیچ ئەوەندەی پەروەردەیەکی ئەخلاقی کراوەی ئاقڵانەی ئیسلامی بۆ مناڵ و تازە پێگەیشتوان و گەنجان گرنگ نیە تا ئەو نەوەیە بەرگەی تەحەدیاتە زۆرەکانی سەردەمی تەکنۆلۆژیا بگرێ ، تەوزیفی تەکنۆلۆژیا لەپەروەردەی ئاینیدا ئەقڵ و هیلاکیەکی زۆری دەوێت و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا بۆ پاراستن و گەشەپێدانی کەلتور و بەهابالاکان دنیایەک دامەزراوە و حیکمەت و توانا و لێهاتنی پێویستە ، لێرەدا کە هێشتا لەسەرەتای بابەتەکەداین هێنانی ئامارێکی ناو ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ئەندیپێندتی بەریتانی گرنگە کە ئەوەی سەیرە لە میدیای کوردیدا بێدەنگ وەک عەرەب یەژێ مروری کیرام ڕۆیشتووە، ڕاپۆرتەکە باسی شەش مانگی یەکەمی ( ٢٠٠٧ )ە و بەپێی ئیندیپێندت لەو ماوەیەدا ٣٥٠ ژن لەکوردستان کوژراون و هۆکاری زیاتر لەنیوەی کوشتنەکانیش بڵاوبوونەوەی وێنەی ڕووتی ژنەکان بووە لەگەڵ ئەو پیاوانەی زینایان لەگەڵ کردون و زۆرینەی ئەمانەش پیاویان هەبووە و دوایی پیاو و براکانیان کوشتویانن ، هۆکارەکانی پشت ئەو کوشتنانە هەرچی بن لە توندوتیژی خێزانی و زروفی خراپی کۆمەڵایەتی حەقیقەتێکی هاوبەشیان تیایە مۆبایل چەکی بەکارهێنراوی پشت زۆری ئەو کوشتنانە بووە ، لێرەدا مۆبایل بووەتە هۆی کوشتنی عەمدی ڕاستەوخۆ ، ئەی ئامێرە تەکنۆلۆژیەکان سەتەلایت ، نێت ، مۆبایل ، یاریە سیدی و کۆمپیوتەریەکان چەند ڕۆڵیان لە لادانی مناڵ و گەنجاندا لە کوردستان و بڵاوکردنەوەی نەخۆشیە دەروونی و خولوقیەکاندا هەبووە ؟ ئەمە تەنیا پێشەکیەکە بۆ قسەکردنمان لەسەردین و تەکنۆلۆژیا و کاریگەریەکانیان لەسەر یەکتر ...

Bzhalay73@gmail.com

## جوتیاران سوورن لەسەر بڕیاری خۆیان

# کاری بەنداوی باوەشاسوار ڕاگیراوە

**زەنگ-کفری- بێستون و هەردی:**

**چەند جوتیارێکی سنوری قەزای کفری بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەیان ، کارکردنیان لەبەندوای باوەشاسوار ڕاگرت.**

هاشم ساڵح کە ١١ دۆنم زەوی بەر ئاو ئەکەوێت یەکێکە لە خەڵکی ناوچەی گۆبان نیگەرانی خۆی لەوە دەربڕی کە خەڵکی دەڵێت بۆچی لەم کاتەدا ئەم کێشەیە سەرهەڵبدات، ئەو ئەوەش دەخاتە سەر قسەکانی کە ئەم جۆرە بیرکردنانەوەوەکو خۆی وتی:" کە بتەوێت داوای مافی خۆت بکەیت بیری کۆنە پەرستانە و دیکتاتۆریانەیە" ئەو ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە جوتیاری تر هەیە چوار ئەوەندە زەوی بەر ئاو ئەکەوێت بۆیە ئێمە داوای قەربوو کردنەوەمان کردووە.

وریا فەقێ عەلی چاودێر لە بەنداوی باوەشاسوار ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئێستا کارکردن لە بەنداوەکە ڕاگیراوە، دواکەوتن لە ئیشی کۆمپانیادا بەوە وەسفکرد کە بە ئاقارێکی باشدا ناکەوێتەوە. ئەو چاودێرە وتیشی:" کۆمەڵێ ئالیتیان زیانمان پێگەیشتووە لە لایەن خەڵکی گوندەکەوە، بۆ ئەم کێشەیەش قائیمقامی کفری و مەڵبەند خەریکی چارەسەرکردنی کێشەکەن". ئەو چاودێرە ئەوەشی باسکرد کە وەکو کێشە کێشەی ئەمان نییە دەبێت لایەنی پەیوەندیدار خەمی بخوات.

هەژار غازی سالار بەرێوبەری کشتوکاڵی کفری لەبارەی کێشەی ئەو جوتیارانە وتی:"ئەو زەویانە زۆربەی خاوەن موڵکن کە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە واتا هین (ئاغاکانە ) پەیوەندی تا ئەندازەیەک بە هەندێ جوتیاری گونەکەوە نیە، مافی خۆشیانە دوای قەربووکردنەوە بکەن چونکە خەریکی کشتوکاڵ کردنن لەسەر ئەو زەویانە، وتیشی:" جوتیارانی گوندی گۆبان عەرەب باس لەوەدەکەن کە ئاوی بەنداوەکە گوندەکە دادەپۆشێت لەراستیدا ئاو ناگاتە ئەوی چونکە بەرزی ئاوی بەنداوەکە ٢٣ مەترە ئاوەکە ئەو زەویانە داناپۆشێت، ئێمە سەرووی خۆمانمان لێی ئاگادارکردووە ، ولیژنەیەک پێکدەهێنرێت وپێویستە فەرمانی وزاری بۆ دەربکرێت ئەو کات لیژنەکە بریاری خۆی لەسەر دەدات".

سەردار فقێ محەمەد قایمقامی قەزای کفری وتی:" لیژنەیەکمان پێکهێناوە لەگەڵ بەرێوبەرایەتی کشتوکاڵی کفری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو جوتیارانە ئێمە لەلای خۆمانیشەوە نوسراوێکمان بەرزکردوەتەوە بۆ ئەوەی هەر جوتیارێک زەرەرمەند بێت قەرەبوو بکرێنەوە".



شارێک چاوی لەو بەنداوەیە

## ڕێگا دەگرنە بەر ئەگەر چارەسەریان بۆ نەدۆزرێتەوە

# چەند ماڵێک لە کفری بێبەشن لەئاوی شیرین

**زەنگ-کفری- شەماڵ ڕەئووف**

**چەندماڵێک لەگەرەکی نەورۆز لەکفری داوای ئەوە دەکەن تۆری ئاوی شرین بگات پێیان بەپێچەوانە ڕێگای توند دەگرنە بەر.**

بەیان فارس هاوڵاتیەکی دانیشتووی گەرەکی نەورۆزی شاری کفریە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد ئاوی شرین بۆ گەرەکی نەورۆز راکێشراوە، تەنها چەند ماڵێک جیاکراونەتەوە وئێستا بێبەشین لەو ئاوە، چونکە تۆری ئاویان بۆ مان رانە کێشاوە وتیشی:" دوو ساڵە دەنگۆی ئەوەهەیە کێشەکەمان چارەسەربکەن کەچی تا ئێستا ئەنجامی نیە ئەگەر بۆمان چارەسەر نەکرێت ناچار ڕێگا بگرینە بەر، لەو ماوەیەی کە ئاومان نەبووە لە بۆڕی ئاوی گەرەکی ئیمام محمد ئاومان راکێشاوە ئەویش بەشەوان لەترسی حکومەت ".

عەباس مەجید محەمەد لەبارەی خراپی ئاوی گەرەکەکەیان وتی:" لەم گەڕەکەی ئێمەدا تەنها چەند ماڵێکین ئاوی شرینمان بۆ نەهاتووە بەبێ ئەوەی ئاوی ترمان هەبێت، تەنها ئەوە نەبێت کە لەسەر حسابی خۆمان لە جێگایەکی ترەوە ئاومان راکێشاوە ئەو ئاوەش زۆر سوێرە بەکەڵکی خواردنەوە نایەت".

ئەو هاوڵاتیە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد ئەو کارەی کە حکومەت لەگەڵ ئێمەدا ئەنجامی داوە بەراستی کارێکی دڵخۆشکەر نییە، لەم گەڕەکە تەنها چەند ماڵێکین بۆڕی ئاومان بۆ ڕانەکێشراوە، کەچی ماڵەکانی پشتەوەمان بۆڕی ئاوی شیرینیان بۆ راکێشراوە.

سەبارەت بەکێشەی هاوڵاتیانی گەرەکی نەورۆز لەکفری بەرێوبەری فەرمانگای ئاوی کفری ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدات لەبەر ئەوەی بەپێی نوسراوێک کە لە بەرێوبەرایەتی فەرمانگەی ئاوی گەرمیانەوە هاتووە بۆیان کەنابێت بە هیچ شێوەیەک هیچ بەرپرس و فەرمانبەرێک لێدوان بۆ راگەیاندن بدات.

